# با بەڵگەنامەکان تەزویرنامەکەی (باسەڕە) ئاشکراتر بکەن !

**تاهیر ساڵح شەریف**
Taher4@msn.com

هەفتەنامەی (باسەڕە)، کە سەر بەدەزگای شەبەقە و دەزگای ناوبراویش دەزگایەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە و هەفتەنامەی ناوبراو لە شاری کەرکوک دەردەکات، لە ژمارە (33)ی (چوارشەمە 3 ئاداری 2004) دا بە ناو فایلێکی لە ژێر ناونیشانی (ڕابردووی کۆمۆنیستێکی کرێکاری لە ئەرشیفی بەعس دا)بڵاوکردووەتەوە. ئەو مەبەست و ئامانجە سیاسیانەی کە لە پشتی ئەو فایلە تەزویرەوە بووە، لە زنجیرەیەک وتاردا بۆ خوێنەرانم ڕوونکردووەتەوە و بەرگری سەرسەختانەیشم لەخۆم و ڕابردووی پاکی خۆم کردووە و ئەوەم ئاشکرا کردووە کە ئەو (فایل)ە ساختەیەو بە غەرەزێکی سیاسیی بۆ من دروستکراوە تا پێنووسەکەم لە کاربخەن و ناچارم بکەن تا واز لە ڕەخنەگرتن لە (پارتی) و چەند نووسەرێکی گومان لێکراوی سەربە حیزبەکان بهێنم. هەموو لایەک دەتوانن وتارەکان و ڕاگەیاندنە یەک لە دوای یەکەکانی من لەدژی ئەو فایلە ساختەیە و لە دژی (باسەڕە) و ئەو لایەنەی لە پشتی تیرۆر کردنی کەسایەتی من وەستاوە، لە هەردوو ماڵپەڕی کوردیی (کوردستان پۆست) و (دەنگەکان)دا، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێتدا بخوێننەوە.لە بەرانبەر هەموو وتار و ڕاگەیاندنەکانی مندا (باسەڕە)، کە لە پشتی ئەو ساختەنامەیەوە وەستاوە، ڕێگای بێ دەنگیان هەڵبژاردووە و وەڵام نادەنەوە. لە هەلومەرجێکدا کە من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و لە کاتێکیشدا کە یاسایەک و دادگایەک بۆ لێپرسینەوە و بەدوادا چوون لەو تاوانکارییە نابینمەوە لە کوردستاندا و یاسا لە دەستی حیزبدایە، من ناچاربووم کە پەنا بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانیی ببەم و لەو تەزویرنامەیەی کە (وەک بەڵگەنامە) لەسەر من بڵاویان کردووەتەوە بۆ شکاندنی کەسایەتی سیاسیم و پێنووسەکەم، ئاگاداریان بکەمەوە و پرۆسەکەیش بەردەوامە و لەو هەوڵەکانیشم دەست هەڵناگرم تا لە ڕێگای گووشاری ئەوانەوە هەفتەنامەی (باسەڕە) ناچار دەکەم دەست لەو یارییە ترسناکە هەڵبگرن و چیتر دەست نەبەن بۆ تیرۆری سیاسیی و کەسایەتی نووسەرانی ئازادیخوازی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان.... بەجیا لەوەش، دیسان هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە (پارتی) و هەفتەنامەکەی ناچاریان کردم هەندێک شتی تایبەتی و پێرسناڵێتی خۆم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا ئاشکرا بکەم : وەک ساڵ و ڕۆژی لەدایک بوونم، شوێنی لە دایک بوونم و سەرئەنجام ناوی سیانیم کە لە ناسنامەکەمدا هەیە. ڕەنگە ئاشکراکردنی ئەو شتانە، لە کوردستاندا شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام لە شوێنێکی وەک کەنەدادا ئەوانە شتی تایبەتی و شەخسییەو هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە بەو شتە تایبەتی و شەخسییانە بزانێت و هەرجۆرە ناچار کردنێکیش بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانە، ئەوا لێپرسینەوە و سزای یاسایی بە دواوەیەو دەکرێت لە دادگادا داوای سزای بەرانبەرەکەت بکەیت لە سەر ئەوەی کە ناچاری کردوویت بە ئاشکراکردنی شتە تایبەتی و شەخسییەکانت.

ئێستا ئیتر هەفتەنامەی (باسەڕە) بە تەزویرنامەیەک، کە ئامانجیان تیرۆرکردنی کەسایەتی منە، ناچاریان کردم کە هەندێک دۆکیوٚمێنتی تایبەتی و شەخسیی خۆم ئاشکرا بکەم تا لەو ڕێگایەوە بتوانم ئەوە بۆ خوێنەرانم بسەلمێنم کە ئەو بە ناو (فایلە)ی کە بۆیان دروست کردووم، ساختەو تەزویرە. لەبەرئەوە کە هەویەی ئەحوال مەدەنییەکەم لە بەردەستدا نییە، ناچار بووم کە جنسیەی عێراقی، ئیقامەیەک کە ( UNHCR) لە ساڵی 2000 دا بۆی کردبووم لە تورکیا و ئەوەش ناو و موالیدەکەمی تێدایە، هەروەها دوو دۆکیومێنتی تر، کە یەکێکیان تەزکیەی (کۆمەڵەی شۆڕگێڕانی کۆمۆنیست)ە و بەزمانی ئینگلیزی و بۆ UNHCR ی تورکیە نێردراوە لە پەیوەند بە کەیسەکەمەوە چەند بەشێکی لێ ئاشکرا بکەم، و ئەوی تریشیان تەزکیەکی ترە کە لەلایەن (پرۆژەی هەنگاو بۆ وەرگێڕان) بۆ هەمان شوێن نێردراوە، بخەمە ڕوو. خستنە ڕووی ئەو دوو دۆکیومێنتەی دواییان لەو ڕووەوە پێویست بوو کە ئەو هاوڕێیانە ناوی ئەسڵی منیان دەزانی کە لە جنسیەدا چییە و خودی تەزکیەکان

www.kurdistannet.org

شایەدە بەسەر ئەوەدا کە ئەو فایلەی (باسەرە) بڵاوی کردوەتەوە تەزویرە، چونکە لەو بەناو فایلەدا ناوی سیانیم بە (تاهیر ساڵح شەریف) هاتووە، کە من لە دائیرەی نفوسدا ناوێکی سیانی ترم هەیە و هەرکەس و لایەنێک کە دەیانەوێت شوێن پێی کێشەکەی من هەڵگرن، ئەوا دەتوانن بۆ زانینی ئەو ڕاستییەش سەردانی دائیرەی نفوسی پێنجوێن بکەن. جگە لەوەیش لە دوای ڕاپەڕینەوە زیاتر بە ناوی (ئازاد مەحمود) و(تاهیرەڕەش)وە دەمنووسی، پاشان لە ساڵی 1996 دا بۆ یەکەمین جار بە ناوی (تاهیر ساڵح)ەوە لە ژمارە (8) گۆڤاری (شۆڕشی کرێکاری ـ ئۆرگانی تیۆری سیاسی یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست دا) وتارێکم نوسی و لە گفتوگۆیەکمدا لە سەر 31 ی ئابی 1996 لەگەڵ گۆڤاری ناو براودا ئەو ناوەم بەکارهێنا و گفتوگۆکەیش وەک پاشکۆیەکی پەنجا لاپەڕەیی بڵاو کرایەوە، بەلام بەکار هێنانی ئەو ناوە (تاهیر ساڵح) مامۆستا (تاهیرساڵح سەعید)ی نیگەران کردبوو، تەنانەت جارێک پێی وتم کە ناوەکەمان لە یەکتری دەچێت و تکایە بیگۆڕە، چونکە هەمووکەس وادەزانن من ئەوشتانەم نووسیووە، منیش دلێم نەشکاند و (شەریف)ێکم بۆزیاد کرد..... بەهەرحاڵ، هەرلێرەدا بە پێویستی دەزانم بە پێی ئەم بەلگەنامەو سەرنجانەی لای خوارەوە تەزویر بوونی ئەو فایلە ئاشکرابکەم بۆ هەموو لایەک :

1 ـ لە بەناو فایلەکەدا هاتووە کە ناوی سیانیم: (تاهیر ساڵح شەریف)ە. لێرەدا ناشی بوونی تەزویرچییەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت و دانانی ئەو ناوە بۆ من، خودی تەزویر بوونەکە بێ سێ و دوو دەسەلمێنێت، چونکە ئەو کەسانەی کە ئەم تەزویرەیان کردووە هیچ زانیارییەکیان لە بارەی ناوی ڕاستەقینەی منەوە نەبووە و تەنها لەڕووی ئەو ناوە سیانییەوە (تاهیر ساڵح شەریف) کە لەسەر وتار و نووسراوەکانم دامناوە، کۆپیان کردووە و فایلەکەیان لەسەر دروستکردووە. بۆیە پێیان دەڵێم تکایە سەردانی دائیرەی نفوسی شارۆچکەی پێنجوێن بکەن بۆ ئەوەی کە بزانن ناوی ڕاستەقینەم لە نفوس وئامارەکانی 1977 و 1987 دا (تاهیر ساڵح شەریف)ە یان (تاهیر مەحمود حەمەساڵح)ە ؟!.. بۆ زانینی ئەو ڕاستییەش دەتوانن سەرنج بدەنە سەر کۆپی دۆکیۆمێنتەکانم کە وەک پاشکۆی ئەم نووسراوەیە بڵاوکراونەتەوە. ئێستا پرسیارەکە لە هەفتەنامەی (باسەرە) ئەمەیە کە: ئایا کەسێک لە ساڵی 1985 تا ساڵی 1989 پەیوەندییەکی لەو جۆرەی بە ڕژێمی بەعسەوە هەبووبێت ناوە ئەسڵییەکەیان نەزانیووە چییە ؟! بە پێی تەزویرنامەکەی (باسەرە)، من بەعسییەکی چالاک بووم و توانایی باشم هەبووە لە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا (!!)، ئایا کەسێک کە ئەوەندە لێ هاتوو بوو بێت بۆ بەعس، بۆ یەک جاریش لێپرسراوەکانی بەعس داوای ناسنامەیان لێ نەکردووە تا بزانن ئەسڵ و فەسڵی چییە ؟ یان بۆ بوونی بە ئەندام لە حیزبی بەعسدا، تەدقیقیان لە شوناسنامەو کونیەکەی نەکردووە ؟ باخوێنەر لە سەر ئەو پرسیارە ڕاوەستێت و وەلام بداتەوە بە (باسەرە) و ئەولایەنەی کە لە پشت ئەو ساختەکارییەوە وەستاون.

2 ـ لە بە ناو فایلەکەمدا هاتووە کە من لە دایکبووی ڕۆژومانگ و ساڵی (1965/ 7/1)م. ئەمە لە کاتێکدایەکە من لە دایکبووی (1 / 7 /1967)م. ئایا حیزبی بەعس، ئەندامێکی ئەوەندە چالاکی هەبووبێت، تۆ بلێیت مێژووی لە دایکبوونەکەی نەزانیبێت ؟! دیسان باشتر بوو کە ستافی (باسەرە)، بەرلەوەی دەست بۆ ئەو وەرقە سیاسییە سوتاوە ببەن، بڕۆیشتنایە لە دائیرەی نفوسی پێنجوێن پرسیاری مەوالیدەکەمیان بکردایە,یان پەیدایان بکردایە، یاخود ئەگەر بە نیاز بوون فایلێکی تربۆکەسێکی تر تەزویر بکەن، تکایە ئەمجارەیان ناوی سیانیی و مەوالیدەکەی وەک خۆی بنووسنەوە و لە دائیرەی نفوسەکەی زانیاریی لەسەر بدزن، تا ئاوا خۆیان شەرمەزار نەکەن لە بەردەمی هەموولایەکدا....

3 / هەڵەیەکی زۆر زەق و بەرچاو و پینە نەکراوی تر لە بە ناو فایلەکەمدا دەبینرێت و تەنانەت ئەو هەڵەیەشم کردە بابەتی وتارێکم. لە فایلە تەزویرەکەدا نووسراوە :(مسئولية الحزبية في الوقت العازر...) ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ بەعسییەک ئەوەندە گێل نەبووە کە هەڵەیەکی وا بەرچاو لە تایپکردن و چاپکردنی فۆرمێکی حیزبیدا بکات و (في الوقت الحاضر) بکاتە (في الوقت العازر). تەزویر چییەکانی بازاڕی جەوازەکە، زۆر وردتر و

www.kurdistannet.org

شارەزاترن لە پسپۆڕەکانی هەفتەنامەی (باسەڕە)، چونکە ئەگەر ئەوان ئەو تەزویرەیان بکردایە، دڵنیام کە ئەو هەڵە زمانەوانییەیان نەدەکرد.

4 ـ هیچ کەسێک تا ئێستا فایلی وا عەنتیکەی نەدیووە !!.. چونکە بۆ کەس مەعلوم نییە کە ئەوە (فۆرمی) ئەندامێتییە، یان (تەزکیە) یە کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ئاڕاستەی لایەنێکی دیاریکراو کرابێت ؟ لە بە ناو فایلەکەمدا نووسراوە (استمارە تقییم المرشحین)، واتە فایلی هەڵسەنگاندنی پاڵێوراوان.لەوێدا کەسایەتی و تایبەتمەندییەکان و دڵسۆزییەکانی من (!!) بۆ بەعس هەڵسەنگێندراوە و ئەم هەڵسەنگاندنەش دەبێت بۆ جیهەتێکی سەرەوەتر ئاڕاستە بکرێت کە جیهەتی خوارەوەتر دەیەوێت من بە جیهەتی سەرەوەی خۆی بناسێنێت.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئەو ئیستمارەیە، فۆرمی ئەندامێتییە لە حیزبی بەعس دا کە لەلایەن جیهەتێکی سەرەوە ئاڕاستە کراوە بۆ جیهەتێکی خوارەوەتر، بەڵام لێرەدا سێ ناکۆکی دەبینرێت :

ا ـ ئەگەر جیهەتی سەرەوە ئەو ئیستمارەیەیان ناردووە، ئەوا قانونی ئیستمارە و فۆرم پڕکردنەوە لە هەموو شوێنێکدا وایە کە ئەو لایەنەی پێویستی بەزانیارییە لەسەر کەسی دیاریکراو و جێی مەبەست، چەند بۆشاییەک بە جێ دەهێڵێت، بۆنموونە وەک : الاسم :................. ئەو بۆشاییە لایەنی دووەم پڕی دەکاتەوە کە زانیارییەکە دەداتە لایەنی یەکەم. زۆرجار ئەو فۆرمانە ئامادەکراوە و ئەو بۆشاییانە بە قەڵەم پڕ دەکرێنەوە نەک بە چاپ، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە لە بە ناو فایلەکەی مندا جیهەتی یەکەم و دووەم نابینرێت و تەنها یەک جیهەت دیارە کە خۆی پرسیار دەکات و هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە و شوێنی وەڵامەکانیش، واتە بۆشاییەکانیش، نەک بە قەڵەم پڕ کرابنەوە، بەڵکو بە هەمان تایپ کە فۆرمەکەی پێ تایپ کراوە وەڵام دراونەتەوە، یان پڕ کراوەتەوە. جگە لەوەیش، ئەو سەردەمەی کە بە حساب ئەو ئیستمارەیەی منی تێدا پڕ کراوەتەوە، کۆمپیوتەر تەنها لە شوێنە حەساسەکانی ڕژێمدا هەبووە، نەک لە مونەزەمەیەکی حیزبیدا، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ئەو جۆرە فۆرمانە لەپێشدا لە چاپخانەکاندا چاپ کراوە و بۆ دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێم نێردراوە و جیاوازی جۆری چاپکردنی ئەو ئیستمارانەیش، واتە جۆری پیتەکانی، کە پیتی چاپخانە کۆنەکانە و بەدەست ڕیز دەکران، لەگەڵ جۆری پیتەکان و چاپی کۆمپیوتەردا بە ئاسانی دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، یان لە باشترین حاڵەتدا بە ئامێری چاپی دەستی بچوک (طابعە) تایپ دەکران، بەڵام لە بەناو فایلەکەی مندا دەبینین کە بە کۆمپیوتەر چاپ کراوە.

ب ـ پرسیارو وەڵامێکی کۆمیدی لەو فایلە تەزویرەدا هاتووە و جیهەتی یەکەم دەپرسێت و هەرخۆیشی وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت : (هل شارك في الجبهة : نعم / قاطع حامورابي). پێ ناچێت لە فۆرمی ئەندام بووندا ئەو پرسیارو وەڵامە لەگۆڕێ دا بێت، چونکە ئەوەیان من نایزانم و کۆنە بەعسییەکان و (باسەڕە) ڕەنگە باشتر ئەوە بزانن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەش جێگای پرسیارە.... خۆ ئەگەر ئەو بە ناو فایلە کلێشەی (تەزکیە)یەک بێت، ئەوا عوزر لە قەباعەت خراپترە، چونکە ئەو لایەنەی کە پرسیار دەکات لە سەر کەسی خاوەن مەبەست، هەرگیز خۆیشی وەڵام بە (بەڵێ) ناداتەوە..واتە خۆی کە بزانێت (تاهیر) لە جەبهەدا بەشداری کردووە، پێویستی بەوە نییە کە بپرسێت (ئایا بەشداری کردووە لە جەبهەدا ؟)، لە هەمان کاتدا خۆیشی وەڵامی خۆی بداتەوە و بڵێت : (بەڵێ) بەشداری کردووە لە (قاطعي حامورابي) دا.. یان بە واتایەکی تر، ئەگەر ئەو لایەنەی داوای زانیاری دەکات و دەیەوێت بزانێت کە (تاهیر) بەشداری کردووە لە جەبهەدا، ئەوا بۆشاییەک بەجێ دەهێڵێت و دەبێت لایەنی دووەم بە دەست نووس بۆی بنووسێتەوە کە : (بەڵێ) تاهیر بەشداریکردووە لە جەبهەدا (!!). سەیرەکە لەوەدایە کە لەو بەناو فایلەدا یەک لایەن پرسیار کەرەو هەرخۆیشی وەڵام دەرەوەیە !!....

ج ـ ئەم خاڵەیش سەرنج ڕاکێشە لە تەزویرنامەکەی (باسەڕە)دا کە دەڵێت : (استمارە تقییم المرشحین). لێرەدا پرسیارەکە لە (باسەڕە) ئەوەیە کە (مرشحین) بۆ چ پلەو پایەیەکی حیزبیی ؟! فایلە ساختەکەی (باسەڕە) لەو بارەیەوە هیچ بە من و هیچ بە خوێنەریش ناڵێت !.. تەنها ئەوە نەبێت کە لە بڕگەی سێیەمی دا دەڵێت (راي قيادة الفرقة بمنحه شرف لعضوية). واتە من مورەشەحم بۆ ئەندامێکی ئاسایی حیزبی بەعس (!!). بەڵام بابزانین کە لە

www.kurdistannet.org

**خاڵی شەشەمی تەزویرنامەکەدا چۆن کەسایەتی من پێناسە کراوە. لە خاڵی شەشەمدا هاتووە (قدراته التنظيمية في ادارة الاجتماعات و الندوات : مقتدر و قوي الشجاع). با لەوە بگەڕێم کە حەرفێکی جەڕی تر [و] لە نێوان (قوي الشجاع) دا ون بووە و وشەی (الشجاع)ەکەیش بە پاڵە پەستۆیش جێگای نەبووەتە لە کلێشەکەدا، وەک بڵێیت (باسەڕە) وئەوانەی لەپشتییەوەن دەستیان لەرزیبێت لە کاتی دروستکردنی فۆرمەکەدا. بەهەرحاڵ، بگەڕێمەوە سەر مەبەستە سەرەکییەکە. لێرەدا پرسیارێک سەربەرز دەکاتەوە : ئایا کەسێک هێندە بە توانا بێت لە بەڕێوەبردنی کۆڕو کۆبوونەوەکاندا و کەسێکی ئەوەندە بە هێزو بە تواناو ئازابێت، تۆ بڵێیت بۆماوەی چوارساڵ مافی ئەندامێتی پێ نەدرابێت و لە ساڵی 1985 ـ 1989 لێپرسراوی ئەڵقەیەکی بچووک بووبێت لە ڕیزەکانی حیزبی بەعس دا و تازە مورەشەح بووبێت بۆ پلەی ئەندامێتیی و ئەویش ئەندامێتییەک کە محەلێکی لە ئیعرابدا نییە ؟!!..**

**5 ـ ئەگەر من بەعسییەکی لەو جۆرە بووبم کە (باسەڕە) دەمناسێنێت، بەشێکی هەرەزۆری بزووتنەوەی چەپ دەزانن و ئاگادارن کە بەهۆی ناکۆکی فکری و سیاسیمەوە لەگەڵ (ڕەوتی کۆمۆنیست)ی ئەو کاتدا، ئەندامەکانی ئەو ڕەوتە لە هاوینی 1988دامیانە بەر چەقۆ و لە لێواری مەرگ گەڕامەوە، باشە ئەوە چۆن بووە کە بە ناو قیادەی فیرقەی چوارباخەکەم بەو ڕووداوەیان نەزانی و لە سەرم بەجواب نەهاتن و ئەندامەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست)یان ڕاپێچی کونە تاریکەکان نەکرد ؟!.... باشتر بوو کە (باسەڕە) و ئەو لایەنەی کە بە دوای تیرۆر کردنی کەسایەتیمەوەیە، لە کەسێکی نزیکی من زانیاریان لە سەر ڕابردووم کۆ بکردایەوە بۆ ئەوەی ئاوا ئیحراج نەبوونایە لە بەردەمی خوێنەرو جەماوەردا.**

**6 ـ هەمو خەڵکی پێنجوێن و بەشێکی زۆر لە خەڵکی سلێمانیش لە دوور، یان لە نزیکەوە من دەناسن و ئاگاداری ڕابردووی منن، کە نەک هەر یەک ڕۆژ نەبوومەتە جاش شەعبی، بەڵکو لەڕووی سیاسی، عەمەلی و مەبدەئیشەوە دژی ئەو سیاسەتەی ڕژێم بوومە و تەنانەت یەکێک لە چالاکترین کەسەکانی خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵی 1984 بووم کە دژ بە سیاسەتی جاش شەعبی بەرپاکرا. دوو هاوڕێی نزیکی ئەو سەردەمەم لە پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر مونەزەمەی بەناو شەهیدعوسمانی گەڕەکی تووی مەلیکدا بە سەختی بریندار بوون و کاسەی سەری خۆیشم بە ڕێکەوتێکی زۆر سەیر بە گوللەی جاش شەعبییەکان هەڵنەگیرا. بۆیە ئەو خەڵکانەی کە مێژووچەی ژیانی سیاسی من لە نزیکەوە دەزانن، نەک هەر باوەڕ بەو تەزویرنامەیە ناکەن، بەڵکو هوها لە هەفتەنامەی (باسەڕە) و ئەو لایەنەیش دەکێشن کە ئەو مێژووە ساختەیان بۆ من دروست کردووە و منیان بە جاش شەعبی و تاد... لە قەڵەمداوە.**

**7 ـ لە ساڵی 1985 ـ 1989 دا زۆریەی کات بەنهێنی سەردانی بنکە و ئۆردوگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانم دەکرد بۆ فێربوونی تیۆری مارکسیزم، کە ئەوکات لە دێی مالومەو گاپیلۆن بوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەکە ماوەی یەک دووساڵیانم بە فیراری و بەسەر برد لە دێی چۆغماخ و قەڵاچوالاندا و پاش وێرانکردنی قەڵاچوالانیش بە هەویەی تەزویرەوە گەڕامەوە سلێمانی و تەنانەت بە شەرمیشم دەزانی هەویەیەکی خەفیفە، کە بە پارە دەکرا، بیخەمە گیرفانمەوە.**

**8 ـ پایزی ساڵی 1990، واتە لەو کاتەدا کە لەگەڵ گروپێکی ژێرزەمینیی چەپدا (دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا)کارم دەکرد و دواتر ئەو گروپە چەند ئەندامێکی کەشف بوون و زیندانی کران، بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆم، ڕامکرد بۆ ئێران و لەلایەن (حیزبی سۆشیالیست)ەوە وەک پەنابەر و سەربازێکی هەڵهاتوو بەرگەی سەوزم بۆ کرا و لە یەکەمین هەفتەی ڕاپەڕینی ئازاری 1991 دا گەڕامەوە سلێمانی و یەکێک بووم لە کەسە چالاکەکانی بزووتنەوەی شوراکان و تا دوایین هەناسەکانی ئەو بزووتنەوەیە کارم تێدا کرد.**

**9 ـ ئەو مۆرانەی کە لە سەر تەزویرنامەکەی (باسەڕە)یە زۆر سەیرە. خۆم کەمێک لە هونەری تەزویر کردندا شارەزام، چونکە سەردەمی فیراریم بە تەزویر بردە سەر. ئەو مۆرانە ـ بە تایبەتی مۆرە هێلکەییەکە ـ زۆر ناشیانە دروستکراون. ئەوە هیچ کە مۆرە هێلکەییەکە ناخوێنرێتەوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیە کە لە قەوس**

www.kurdistannet.org

بوونەوەکەی سەرێکیدا خەتێکی خوارخێچ، بە ئاشکرا ناشی بوونی مۆر هەڵکەنەکە نیشانی بینەر دەدات. لەوەش گرنگتر و سەرنج ڕاکێش تر ئەوەیە کە ئیستمارەکە دوو مۆری لێ دراوە !!.. (باسەڕە) خۆیشیان زانیویانە کە بەمۆرێکی خوارو خێچ کەس باوەڕیان پێ ناکات، بۆیە ناچار بوون کە مۆرێکی لاکێشەییشی (کە دروست کردنی زۆر ئاسانە) لێ بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەعلوم نییە کە ئەو دوو مۆرە، مۆری یەک جیهەتە، یان دوو جیهەتی پەیوەندیدار بە بەناو فایلەکەوە ؟!....

10 ـ ئەمڕۆ کاتێک قسە لە فایل و فایلدارەکان دەکرێت، ئەوا زیاتر تابعێکی مخابەراتیان هەیە، نەک ئەوە کە فایلێکی تەزویر جاش شەعبی دروست بکەیت بۆ (تاهیر سالّح شەریف) ێک کە گۆشەیەکی گرنگ لە ژیانی خۆی بۆ پوچەڵ کردنەوەی سیاسەتی جاشایەتی و جاش شەعبی میللەتی کورد تەرخانکرد. ئەگەر باسی فایل لە سەر جاش شەعبی و جاش خەفیفەو سەقیلە و بەعسی بوونە و ئەمەش بۆتە جێگای سەرنجی (باسەڕە) و دەیانەوێت بژاری کۆمەڵگەی پێ بکەن و ڕەش و سپی پێ دەربخەن، ئەوا من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە (پارتی)، پەنجا ئەندامی بۆ نامێنێتەوە لەو بژار کردنەدا و ستافەکەی (باسەڕە)ش ڕەنگە یەک نەفەری بێ فایلی تێدا نەمێنێتەوە. گەر (باسەڕە) کێشەی فایل و فایلدارەکانی بۆ مەبەستە، با وەک هەفتەنامەی (هاوڵاتی) فایلدارە ڕاستەقینەکان و فایلدارە سەرزلەکان بە جەماوەر بناسێنێت و بەڵگەنامەکانیان ئاشکرا بکات ئەوجا بێتە سەر فایلدارە بچووکەکان تا بزانین پاش ئەوە ستافەکەی (باسەڕە) چەند کەسی بۆ دەمێنێتەوە، نەک دەست بکاتە یارییەکی منداڵانە و ناشیانە تەزویر نامەیەک و فایلێکی ساختە بۆ من دروست بکات.

11 ـ باسەڕە کە جورئەتی تەزویرکردنی فایلی کردووە بۆ من، با ئەو جورئەتەیشی هەبێت کە سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ئاشکرا بکات. لە ماوەی دە تا دوازدە ڕۆژدا نزیکەی دە وتار و ڕاگەیاندنی توندوتیژم لە دژی (باسەڕە) و ئەو لایەنەی کە لە پشتی ئەو تەزویرنامەیەوەیە، لە هەردوو سایتیی (کوردستان پۆست) و (دەنگەکان) دا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ئەوان دەنگیان لێوە نایەت. گەر (باسەڕە) بە دوای هەڵدانەوەی کونییەی منەوەیە، با یەک دەستنووسی من کە وەک ڕاپۆرت نووسرا بێت بۆ بەعسییەکان بخاتە ڕوو، کە دەستنووس و ڕاپۆرت نووسین یەکێکە لە کێشەی فایل و فایلدارەکانی ئەمڕۆ.

12 ـ (باسەڕە) هەروەک ئەوەی کە لەباری ناو و مەوالیدەکەمەوە هیچ زانیارییەکیان نەبووە و تەنها لە ڕووی ناوی سیانیی سەر وتارو نووسراوەکانمەوە ئەو فایلە ناشیانەیان بۆ دروست کردووم، لە ڕووی سیاسیشەوە ئەوەندە بێ ئاگان کە نەیانزانیوە (تاهیر سالّح شەریف) سەربەچ ڕێکخراوە و حیزبێکی سیاسییە. گەرچی من سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیم وئێستا وەک نووسەر و ڕەخنەگرێکی سیاسی ئازاد دەنووسم، بەڵام (باسەڕە) منیان بە ئەندامێکی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی) لە قەڵەم دا بوو، کە خۆم لەیەکەم ڕاگەیاندنمدا، ئەوەم ڕەت کردەوە و (حککع)یش ڕوونکردنەوەیەکی مەبەستدار و لاموبالاتی لەو بارەیەوە لە ژمارە (34) ی هەفتەنامەی (باسەڕە)دا بڵاو کردبووەوە.


13 ـ بۆ ئەوەی کە لەڕووی زانستییەوە تەزویر بوونی ئەو بە ناو فایلە بسەلمێنم کە ساختەیە، ئەوا من پێشنیارێک دەکەم بۆ (باسەڕە) و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە دەیانەوێت لەم کێشەیە بکۆڵنەوە : بە چاودێری هەر کەس و لایەنێک با ئەو بە ناو بەڵگەنامەیە ببرێت بۆ تاقیکەیەگی کاربۆنیی و لەوێدا تاقی کردنەوە و شیکردنەوەی لە سەر بکرێت تا ڕوون بکرێتەوە کە ئەو بە ناو فایلە کات و سەردەمی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی ؟ بۆ پازدە ساڵ بەر لە ئێستا یان بۆچەند مانگێک بەرلە ئێستا ؟ لە ئەورووپادا ئەو تاقیگەیە هەیە و دەکرێت لیژنەیەک بۆ بردنی ئەو بەناو فایلە بۆ موختەبەرێکی ئەورووپی، پێک بهێنرێت و پاش فەحسکردنی، ئەنجامەکەی بە هەموو لایەک ڕابگەیەنرێت. ئەگەر " باسەڕە " جورئەتی هەیە و سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی، با مل بەو پێشنیارەم بدات و بە ناو بەڵگەنامەکە بداتە دەست لیژنەیەکی بێ لایەن و سەربەخۆ، کە من ئامادەم هەموو مەسرەفی ماددیی لیژنەکەیش لە ئەستۆ بگرم.

www.kurdistanet.org

له کۆتاییدا هیوادارم که هەفتەنامەی (باسەڕە) جورئەتی ئەوە بکات بێتە زمان لەبەرانبەر وتارو ڕوونکردنەوەکانی مندا و نەخشە داڕێژەرانی تیرۆری سیاسیم ئاشکرا بکات. گەر ئەوە نەکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە ستافی ئەو هەفتەنامەیە ڕادەگەیەنم کە هەموو ڕێگاکانی گووشارهێنان بۆ سەریان بەکار دەبەم و لە ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی دنیادا ناو زڕاویان دەکەم و لەو تەزویرنامەیە خۆشنابم و سەرەتای ئەم پرۆسەیەش بەکردەوە دەستی پێکردووە.

**Toronto –Canada**
**March 19, 2004**

## بەڵگەکانی خۆم (تاهیر)


رقم المحفظة / ١٩٨٥ / ٤٨٤٥

رقم الشهادة ١١٤٤١٠ / هـ

التاريخ ١٧ / ٦ / ١٩٨٥

شهادة الجنسية العراقية

بناء على تحقق اكتساب ............

المثبت صورته الشمسية أعلاه الجنسية العراقية وفق

المادة (٤ / ١) من قانون الجنسية العراقية فقد

منح هذه الشهادة .

مدير الجنسية

١ ـ محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة

٢ ـ الديانة ............

٣ ـ العلامات الفارقة ............

٤ ـ اسم الاب الكامل ............

٥ ـ محل ولادته ............

٦ ـ اسم الام الكامل ............

٧ ـ محل ولادتها ............

الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )

توقيع حامل الشهادة ............ بصمة ابهام اليد اليسرى

**BİRLEŞMİŞ MİLLETLER**
MÜLTECİLER YÜKSEK KOMİSERLİĞİ

**UNITED NATIONS**
HIGH COMMISSIONER FOR REFUGEES

Telephone : (312) 439 6615 - 18
Fax : (312) 438 2702
E-mail : turan@unhcr.ch
PO BOX : P.K. 5. 06551 Ankara

Branch Office in Turkey
17 Abidin Daver Sokak Çankaya
06550 Ankara

**00/PL.**



**26/01/00**

**İlgililerin Dikkatine:**

**Soyadı :** MAHMUD HAMASALIH
Family Name

**Adı :** TAHER
First Name

**Doğum Tarihi :** 01/07/67 **Yeri :** SOLEYMANIA/IRAK
D.O.B. at

**Yukarıda adı geçen şahıs sığınmacı olarak Birleşmiş Milletler Mülteciler Yüksek Komiserliği Ankara Ofisine başvurmuş ve yardım talebinde bulunmuştur.**
has approached the Office of the United Nations High Commissioner for Refugees in Ankara, asking for assistance as an asylum seeker.

**Müracaatçının refakatindeki kişiler :**
The above named is accompanied by :

| | |
|---|---|
| 1. XXX | 2. |
| 3. | 4. |
| 5. | 6. |
| 7. | 8. |

**Başvuru sahibinin Türk iltica yasasının hükümleri uyarınca 10 gün içerisinde, pasaport taşıyorsa ikamet bölgesindeki Emniyet Müdürlüğüne, pasaportsuz ise Türkiye'ye giriş yaptığı ilin Valiliğine bağlı Polis Karakolu'na kaydolması istenmiştir.**
**Bu sebepten dolayı, NIGDE ilindeki Emniyet Müdürlüğüne başvurması tavsiye edilmiştir.**

The applicant has been advised to comply with the requirement under Turkish asylum procedure to register within 10 days with the Police Station in his/her area of residence if he/she has a passport, or with the police in the Governorship of the city where he/she entered into Turkey, if he/she does not have a passport.
Therefore, he/she was advised to approach the police in NIGDE.

Yours sincerely/Saygılarımızla,

for

Mirza Hussain Khan
Representative/Temsilci

WORKERS OF ALL COUNTRIES UNITE

# ORGANIZATION OF COMMUNIST REVOLUTIONARY

NO: 63

DATE: 10/10/2000

SUJ: RECOMMEND

Dear / UNHCR IN TURKEY- ANKARA OFFICE.

The Carrier of the Document ( TAHIR MAHMOD HAMA SALEH) Known as ( TAHIR SALEH SHAREEF) The owner of ( [illegible] ), the member in central committee of ( communist labor union).

He Known as marxit writer and one of communist revolutionist in kurdistan, and he wrote an article against the Islamic movement in our newspaper (Pairawi nwe) and other Kurdish Magazines.

[illegible]

So he came to turkey and from 26/1/2000 he introduced himself to your office .

As we know untill now he never recived any answer .

Central committee's
ORGANIZATION OF
COMMUNIST REVOLUTIONARY

ژمارە : ٥
بەروار: ٥ / ١ / ٢٠٠٠

# هەرێمی کوردستان
## سلێمانی

**پرۆژەی (هەنگاو) بۆ وەرگێران و بڵاوکردنەوە**

**بابەت/ پشتگیری**

**بۆ بەڕێز/ UNHCR in Turkey**

سڵاوێکی مرۆڤ دۆستانە، دەستتان بە گەرمی دەگوشین.

هەڵگری نووسراومان (طاهر محمود حمە صالح) ناسراو بە (طاهر صالح شريف) ئەندامی کارای پرۆژەکەمانەو بەهۆی هەڵ و مەرجی نالەباری سیاسی کوردستانەوە، ژیانی لە مەترسیدایەو هیوادارین ئێوەش لەم ڕووەوە کۆمەکی پێویست و هاوکاری جددی بکەن.

لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

Hengaw Distribution & Translation Committee

**پرۆژەی (هەنگاو) بۆ وەرگێران و بڵاوکردنەوە**

سەرپەرشتیاری گشتی

فەرهاد کەریم

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

# بەڵگە دروستکراوەکەی باسەڕە

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة فرع السليمانية
قيادة شعبة السليمانية
قيادة فرقة جوارباغ

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

استمارة تقييم المرشحين

اولا/ المعلومات العامة/

١) الاسم الثلاثي: طاهر صالح شريف
٢) تاريخ و محل الولادة: ١٩٦٥/٧/١ بنجوين
٣) القومية: كردية
٤) المهنة و العنوان الوظيفي: كاسب
٥) التحصيل الدراسي: خريج متوسطة
٦) تاريخ الارتباط: ١٩٨٥/٢/٥

ثانيا/ الجانب التنظيمي

١) مسؤولياته الحزبية في الوقت الحاضر ومدى إلتزامه: مسؤول حلقة مؤيدين
٢) مسؤولياته في الجيش الشعبي: مقاتل
٣) هل شارك في الجبهة: نعم/ قاطع حمورابي
٤) مسؤولياته المهنية: لا توجد
٥) العقوبات الحزبية خلال الدورة: لا توجد
٦) قدراته التنظيمية وقوة شخصيته في ادارة الاجتماعات والندوات: مقتدر و قوي الش[illegible]

ثالثا/ رأي قيادة الفرقة بمنحه شرف العضوية

نوصي [illegible] الرفيق منحه شرف العضوية

الرفيق
[illegible]
أمين سر قيادة الفرقة

رابعا/ رأي قيادة الشعبة بمنحه شرف العضوية

نوصي بمنحه شرف العضوية

الرفيق
[illegible]
أمين سر قيادة الشعبة
[illegible]

# ڕابردووی کۆمۆنیستێکی کرێکاری
# لە ئەرشیفی بەعس